# ئامێرێک بۆ پرێنت کردنی فیلمەکانتان



ماوەیەکی زۆر نییە کە کامێرای دیجیتاڵی بەم شێوەیە پەرەی سەندووە، بەرلە هاتنی کامێرای دیجیتالی کامێرای فیلم هەبوو، دوای تەواو بوونی فیلمەکان دەبا فیلمەکەت بردبایە تاقیگە و لەوێ چاپت کردبان. هەربۆیە کەم کەس هەیە لە ئێمە چەندین فیلمی لە وێنەکانی رابردووی نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا تاقیگاکانی شۆردنەوەی فیلم بەرەبەرە بەرەو نەمان دەچن، کەوایە بۆ کەسێك کە لەداهاتوودا بیەوێ وێنەیەك لەسەر فیلمەکانی دەربخاتەوە چ رێگەچارەیەك هەیە.

ئەو ئامێرەی کە لێرەدا دیارە بەم مەبەستە دروستکراوە، ئامێری iConvert ئەرکەکانی زۆر ئاسان کردووە، چونکە بە دانانی فیلمەکانتان لەسەر ئەو ئامێرە و بە داگرتنی دوگمەیەك زۆر بە ئاسانی فیلمەکان دەبن بە وێنەیەکی دیجیتالی. بۆ سوود وەرگرتن لەو ئامێرە پێویست بە کۆمپیوتەر ناکات. ئامێرەکە دوای ئەوەی فیلمەکان بوون بە وێنەی دیجیتالی لە فلاش میمۆری یان لە کارت میمۆریدا خەزنی دەکات.



# ئەو تایبەتمەندییانەی کە ویندۆز7 لە ویندۆز ڤیستا جیادەکەنەوە

دوای بەرهەم هاتنی ویندۆز7 گەلێك پرسیار لەبارەی ئەو ویندۆزە و ویندۆزەکانی دیکە هاتنە پێش، گرنگترین پرسیار کە هەتا ئێستاش بێ وەڵامە ئەوەیە کە بۆچی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ڤێرژنێکی نوێی ڤیستای بەرهەم نەهێنا؟ پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئایا چ تایبەتمەندییەك ویندۆز7 لە ڤیستا جیا دەکاتەوە؟ گرنگترین جیاوازی نێوان ئەو دوو ویندۆزە ئەوەیە کە خێرایی ویندۆز ڤیستا بە بەراورد بە ویندۆز7 لە خوارێیە. هەروەها لە ویندۆز7دا زۆربەی درایڤەکان ئۆتۆماتیکی لەگەڵ ویندۆزەکەدا سیتەپ دەبن و پێویست بە دانانی پرۆگرامی ناساندنی پارچەکانی دیکە ناکات. لە ویندۆز7دا رێژەی تایبەتمەندکردنی زەین بۆ هەر پرۆگرامێك دیاری کراوە، بەڵام لە ڤیستادا بەم شێوەیە نەبوو. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زەختێکی زۆر بۆ سیستەمەکە نەیەت. تەمەنی پاتری لاپتۆپ لە ویندۆز7دا زیاترە. ئەگەر بتهەوێ دوو ویندۆز لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبێت وەك XP و ویندۆز7 یان XP و ڤیستا ویندۆز7 باشتر لەسەر ئەو کۆمپیوتەرە دادەبەزێت کە ویندۆز XP ی لەسەرە.





# پرۆگرامێک کە هەموو فایلێک دەخوێنێتەوە

سەیرکردنی وێنەکان، گوێگرتن لە مۆسیقا، سەیری فیلم کردن لەسەر کۆمپیوتەر گشت ئەوانە پێویستیان بە پرۆگرامی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەندێك پرۆگرام ئەو سنوورە ناناسن و گشت پرۆگرامەکان دەخوێننەوە. پرۆگرامی Accessory Software Picture Viewer Max یەکێك لەو پرۆگرامە نایابانەیە. ئەو پرۆگرامە کەم قەوارەیە لە زۆربەی فۆرماتەکانی ئەو سێ بوارە واتە دەنگ و وێنە و فیلم پشتیوانی دەکات.

رێکخستنی ئاسانی فایلەکان، ناردن و وەرگرتنی وێنە و فایلەکان، پرێنت کردنی وێنە بە کوالیتی بەرز و سایزی خوازراو، گۆڕینی فۆرماتی وێنەکان بۆ یەکتر، دەستکاری کردنی وێنە، خوێندنەوەی گشت جۆرە CD،DVD یەك، چەندین توانای تر، بەو پرۆگرامە جێبەجێ دەبن.

هەندێك لە توانا سەرەکییەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوانەن:

- پشتیوانی کردن لە گشت فۆرماتێکی وێنە و موزیك و فیلم.
- نیشاندانی وێنە و رێکخستنی وێنەکان. چاپکردنی وێنە. گۆڕینی فۆرماتی وێنە.
- ناردن و وەرگرتنی وێنە بە شێوەی ئۆنلاین، کەرت کردنی فیلمەکان. دروستکردنی سلایدی جوان و چەندین تایبەتمەندی دیکە. . .

# کامێرای دیجیتاڵی بە کوالیتی 80 مێگا پیکسل



ئەوانـــەی کـــە کاری وێنەگری دەکـــەن، دەزانن پێوەری هەڵســـەنگاندنی کامێرایەکی باش، پیکســـلە، واتە تا پیکسلی لەسەرێ بێ وێنەکان ئاستیان بەرزتـــرە، هەڵبەتە جگە لـــەوە چەندین تایبەتمەندی دیکـــەش هەن کە بۆ دەستنیشـــانکردنی کامێرایەکی باشـــی وێنەگری پێوەرن، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئاماژەمان پێدا.

کۆمپانیـــای Phase one نوێترین کامێـــرای وێنەگری دیجیتالی بەرهەم هێنا کـــە کوالیتی وێنەکەی 80 مێگاپیکســـلە، کامێراکە کە بە مۆدێلی IQ180 ناســـراوە و زیاتر بۆ وێنەگرانی پیشـــەیی دەگونجێت. هەروەها کەلێنێکی USB3ی هەیە کە بۆ پەیوەندی نێوان کامێرا و کۆمپیوتەر دەگونجێت. شاشەی کامێراکە LCDی تەواو لەمسییە.

## چەند زانیارییەکی گرنگ لەبارەی ئیمەیلی یاهوو

**ئیمەیل یاهوو زیاترین ڕێژەی بەشـــداربووانی هەیە، دیارە ئـــەوە بەو مانایە نایەت کە ئیمەیلی یاهوو باشـــترین خزمەتگـــوزاری ئیمەیل بێت، بـــەڵام دەکرێ بڵێیـــن یاهوو لە هەموو ســـایتە خزمەتگوزارییەکانی ئیمەیل مێژووی زیاترە. ئێستا لە یاهوودا هیچ سنوورێك بۆ ناردنی ئیمەیل نییە، سایتەکەش هەرچەندی ئیمەیلی بۆت بێت لەخۆیدا خەزنی دەکات. کەڵەکە بوونی ئەو هەموو ئیمەیلەی کـــە ڕۆژانە بۆتان دێت و نایانســـڕیەوە، یان ڕێك ناکرێن دەبێتە هۆی نارێکییەکی زۆر لە سندوقی ئیمەیلەکەتدا. بۆ ڕێکخســـتنەوەی ئیمەیلەکانتان سەرنجی پێویستە ئەو هەنگاوانە بگرنە بەر.**



### دانانی فۆڵدەر بۆ ئیمەیلەکانتان

کەڵەکـــە بوونی ئـــەو ئیمەیلانەی کە ڕۆژانە بۆتان دێت، قەرەباڵغییەکی زۆر دروســـت دەکەن مەگەر ئەوەی ئیمەیلەکان دوای خوێندنەوە بســـڕنەوە. بەڵام جار هەیە هەندێك ئیمەیل پێویستیان بەراگرتنە. بۆ ئەم مەبەســـتە باشـــترین ڕێگا چارە ئەوەیە کە فۆلدەری تایبەتیان بۆ دروست بکەی. فۆلدەرێك بۆ ئیمەیلەکانی ئیداری، فۆلدەرێك بۆ ئیمەیلە شەخســـییەکان. ئیمەیلی هەواڵ و ..تاد. بۆ ئەم مەبەســـتە دوای کردنـــەوەی ئیمەیلەکەت لەلای چەپ لەســـەر فەرمانی ADD لەبەرامبەر وشەی Folder کلیك بکە. لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە ناوی فۆلدەرەکەت بنووسە. پاشان OK ی بکەی. بۆ دروســـتکردنی چەند فۆلدەرێك هەر بەم هەنگاوانە دابڕۆ. دواتر بچۆ ســـەر لیستی ئیمەیلەکانت واتە inbox و ئەو ئیمەیلانەی کە مەبەســـتتە هەڵبژێرە. پاشان لەسەر دوگمەی Move کلیك بکە و لەو لیستەی دەردەکەوێ فۆلدەری مەبەستت هەڵبژێرە.

### بلۆک کردنی ئەو ئیمەیلانەی کە نەخوازراون



جار هەیە کە ئیمەیلەکەت دەکەیەوە پڕە لەو ئیمەیلانەی کە لەلایەن کەســـانی نەناســـراوەوە بۆت هاتوون، یان لەلایەن ئەو کۆمپانیانەی کە مەبەستیان ڕیکلام کردنە. گەر حەز دەکەی ئیمەیلێکی نەخوازراو بۆ هەمیشە بلۆك بکەی، ئەو هەنگاوانە بگرە بەر: دوگمەی P-tions دابگرە، لەو بەشـــەی کە دەکرێتەوە لـــەلای چەپ فەرمانی Spam کلیك بکە. بۆ بلۆك کردنی ئیمەیلێك ئەدرەسی ئیمەیلەکە لە بەشی Blocked email addresses پێست بکە یان بینووسە. پاشان فەرمانی ADD دابگرە. بەم شێوەیە هـــەر ئیمەیلێك کە حەزناکەی بۆت بێت لەو بەشـــەدا بلۆکـــی بکە. دەتوانی تا 500 ئیمەیل بلۆك بکەی.

# مۆبایلێکی دوو پارچە




هاندی Sprint کەلەلایەن کۆمپانیایەکی کۆریاوە دروست کراوە، یەکەمین هاندە کە لە دوو شاشەی لێجیا دروستکرابێ. هاندی ناوبرا کە سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی لەسەرە، لە دوو شاشەی 3،5 ئینجی پێکهاتووە. کە ئەگەر ئەو دوو شاشەیە لە ئاست یەك دابندرێن، دەبێتە شاشەیەکی 4،7 ئینجی.

لە هەر کام لەو دوو شاشەیەدا تا 7 ئەیکۆنی پرۆگرامەکان لەلایەك دادەنرێن، بەجۆرێك دەتوانی بەشی ئەنتەرنێت لە شاشەیەك و بەشی ناردنی کورتە پەیام لە شاشەیەکی دیکە دابنێی.

هاندی جۆری Sprint خاوەنی کامێرایەکی 5 میگاپیکسلیە.

# کاتژمێرێکی خەیاڵی سەرنج ڕاکێش




لەم چەند ساڵەی دواییدا هەوڵدراوە دیزاین وکارکردی کاتژمێر لە بازنە کلاسیکیەکە بهێننە دەر، هەربۆیە چەندین کاتژمێری سەرنج ڕاکێش بە دیزاین و کارکردی جۆراوجۆرەوە دروستکراون. ئەو کاتژمێرەی کە لە وێنەکەدا دیارە ڕەنگە سەرنج ڕاکێشترین کاتژمێر بێ. کاتژمێری جۆری slyde HD3 نوێترین کاتژمێرە بە دیزاینێکی سەیرەوە. شاشەی کاتژمێرەکە تەواو لەمسییە. هەم بە مۆبایل و هەم بە ئایپۆدەوە پەیوەند دەدرێ. هەر بە هۆی کاتژمێرەکەوە، دەکرێت وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە و هەم بەو مۆبایلە گوێ لە مۆسیقا بگری. بەهۆی چەندین گلۆپەوە کە لە وێنەکە رادیارە ڕاستەوخۆ شاشەکە دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی کاتژمێرەوە شاشەیەکی خەیاڵی دروست دەبێت.

# ماوسێک تایبەتە بە یاریکردن



ماوسی کۆمپیوتەر وەك شا کلیلی پەیوەندی نێوان کۆمپیوتەر و مرۆڤ سەیر دەکرێت، ئەرکی ماوس زیاتر بۆ فەرماندان و جێبەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکانە. بۆ ئەوانەی ئۆگری یاری کردنن لەسەر کۆمپیوتەر، ماوسی کۆمپیوتەر زۆر گونجاو نییە بۆ یاریکردن و ئەگەری تێکچوونی زۆرە، جگە لەوەش ئەو دوگمانەی لەکاتی یاریکردندا پێویستن لە ماوسدا نییە. بۆیە ئامێرێکی دیکە هەیە پێی دەگوترێت Joystick واتە"دەسکی یاریکردن". کە تایبەتە بە یاری کردن.

لەم دواییەدا کۆمپانیایەك ماوسی جۆری G700ی تایبەت بە یاریکردن بەرهەم هێناوە، ماوسەکە بێ وایەرە و شەحن دەکرێتەوە. خێرایی ئەو ماوسە زۆر زیاترە لە ماوسە هاوشێوەکانی خۆی. ماوسەکە خاوەنی 13 دوگمەی تایبەت بە یاری کردنە، بۆ هەر کام لەم دوگمانەش دەکرێ فەرمانێکیان بۆ دیاری بکەی.

# بە تەنیا کلیکێک بچۆرە ناو لە مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهان

گوگل لەم چەند رۆژەدا خزمەتگوزارییەکی نوێ بە سایتەکەیەوە زیاد کردووە، ئەوانەی کە لەم رۆژانەدا سایتی گوگلیان کردبێتەوە هەستیان بە گۆڕانکارییەك کرد لە سایتەکەدا. لە خوارەوەی سایتەکەدا چەند تابلۆیەکی گرنگی جیهانی دەبیندران. خزمەتگوزارییە نوێیەکەی گوگل کە بە Art Project ناسراوە تایبەتە بە نیشاندانی مۆزەخانە گرنگەکانی جیهان، ئەوانەی کە تابلۆی نایابیان لێیە. لەو مۆزەخانەی گوگلدا زیاتر لە 1000 بەرهەمی بەناوبانگی جیهان لە17 مۆزەخانەی تێدا نمایش کراوە. بەتەنیا کلێکێك دەتوانی بچیە ناو مۆزەخانەکان و هەتا 360 پلە دەتوانی سەیری تابلۆکان بکەی، ئەو بەرهەمانەی نیشاندەدرێن کوالێتیان یەکجار بەرزە، تەنانەت هەندێك لەو تابلۆیانە بە کوالیتی 7 ملیارد پیکسل نیشان دەدرێن. تەنانەت جوڵەی بچووکترین فلچە کە لە تابلۆکە درابێ دەبیندرێ. لە ژێر هەر تابلۆیەکیش روونکردنەوەیەك سەبارەت بەتابلۆکە بە زمانی ئینگلیزی نیشان دەدرێت. هەرچەندە هەندێك لە مۆزەخانەکان هەتا ئێستا ئامادە نین لەو پرۆژە گرنگەی گولدا بەشداری بکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە بە دیجیتالی کردنی مۆزەخانەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەری راستەقینەی خۆیان لەدەست بدەن. ئەوەش ئەدرەسی سایتەکەیە لە گوگلدا http://www.googleartproject.com/.




# SMSەکانتان ئۆتۆماتیکی دەسڕدرێنەوە

پرۆگرامێك لەلایەن چەند بازرگانێکی ئەمەریکی دروستکراوە کە دەتوانێ SMSەکانتان چ ئەوانەی بەڕێیان دەکەن و چ ئەوانەی وەریان دەگرن پاش بەڕێکردن و خوێندنەوە لە مۆبایلدا بسڕێتەوە. بۆیە لە کۆپی کردن یان ناردنەوەی جارێکی دیکە بەرگری دەکرێت.

پرۆگرامەکە کە بە Tiger text ناسراوە بەومەبەستە بەرهەم هاتووە کە هەندێك کەس بۆ شاردنەوەی SMS شەخسییەکانیان ناچارن زۆر رێگا بگرنە بەر. ئەو پرۆگرامە دەبێ لەسەر هەردوو مۆبایلی بەرێکەر و وەرگر هەبێت. ئەوانەی خاوەنی هاندی جۆری "ئایفۆن، ئەندرۆید و بلاك بێری"ن، دەتوانن بە خۆرایی لە ئەنتەرنێت پرۆگرامەکە وەربگرن. پرۆگرامەکە سەرەڕای سڕینەوەی کورتە پەیامەکان دەتوانێ فیلم و وێنە، و دەقە نێردراوەکانیش بسڕێتەوە. بەکارهێنەر دەتوانێ ماوەی سڕینەوەکەی بۆ دیاری بکات لە دەقیقەیەکەوە هەتا ئەو ماوەیەی کە حەزی لێیەتی. پرۆگرامەکە کورتە پەیامەکان تەنانەت لە تۆڕی خزمەتگوزاری مۆ با یلە کە شد ا دەسڕێتەوە.

